مەسعود بارزانی: لە هەرەمی کوردستان باوەڕمان بەوەیە کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن



بە بەشداری کەمالێک سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە لە کۆبوونەوەی مەپس لە شاری دهۆک، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێوتارێکدا لە کۆبوونەوەی مەپس، کە لە دهۆک بەڕێوەدەچێت، رایگەیاند: تاکە ڕێگە بە گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان، ئاشتی و گفتوگۆیە، ئەگەر نییەت و ئیرادە هەبێت، کێشەکان بتوانرێ چارەسەر دەکرێن، هەروەها ناوبرد عێراق ببێتە بەشێک لە گرژییەکانی ناوچەکە.

سەرۆکی پارتی دیاریکرد: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دوای بەفەرمی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن لەلایەن کەمیسیۆنەوە، دەست بە گفتوگۆ دەکرێت لەنێوان سەرجەم لایەنەکان بۆ دەستبەکاربوونی پەرلەمان و دواتر هەنگاوەکانی تریشی بەدوادادێت، ئومێدەوارین لە داهاتوودا یەک هەرەم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت و یەک هەزی پێشمەرگە لە کوردستان هەبێت، لە هەرەمی کوردستان باوەڕی تەواومان بەوەیە کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.